**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٦٥٥٤ لە ٢٠١٤/٨/٢٧**

**ئاماژە بە هەردوو نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ١٦١٦ لە ٢٠١٤/٣/٩ و ٤٤٢٣ لە ٢٠١٤/٧/٢١ و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده/١ بڕگەی یەکەم لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤**

**ڕێنمایی لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری**

**مادەی یەکەم : پێناسەکان**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریان دیاری کراوە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە :**

**١- وەزارەت : وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان .**

**٢- وەزیر : وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان .**

**٣- لیژنە : لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری .**

**٤- ئۆتۆمبیلی میری : ئەم ئۆتۆمبیلەی کە تۆمارکراوە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ و ژمارەی میری بۆ تەرخانکراوە .**

**٥- دادگا : دادگاکانی لێکۆلینەوە لە هەرێمی کوردستان .**

**٦- باج : ئەوباجەی کەوا لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری ڕێکدەخرێت و دابەش دەکرێتە سەر ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگەیان پێ دەدرێت .**

**مادەی دووەم :**

**مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :**

**١- بۆ ڕێکخستنی هاتووچۆ و خراپ بەکارنەهێنانی ئۆتۆمبیلی میری کە لە ئەستۆی فەرمانبەر و کارمەندانی میرین .**

**٢- کەم کردنەوەی خەرجییەکان و بە یاسایی کردنی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلەکان .**

**ماددەی سێهەم :**

**یەکەم: سەرجەم ئەو ژمارە شارستانیانەی دراون بە ئۆتۆمبێلە میرییەکان وەردەگیرێتەوە جگە لەو ژمارانەی تەرخان کراون بۆ ئۆتۆمبێلی بەرێز وەزیر و بریکاری وەزیر و پارێزگارەکان .**

**دووەم :** لەکاتی نەگەراندنەوەی ئەو ژمارانە دوای ئاگادار کردنیان دوای (٣) رۆژ فەرمانگەی یاسایی بەرێوەبەراتیەکانی هاتووچۆی هەرێم هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی سکالا لە دادگا دژی ئەوانەی ژمارەکان ناگەرێننەوە .

**سێهەم :** لە کاتی گەرانەوەی ژمارەی شارستانی دەبێت ئەستۆپاکی لەلایەن بەشی سزاکانی هاتووچۆ بکرێت .

**چوارەم :** رێکخستنی جۆرە باجێك لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری کە بەلای چەپی خوارەوەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە دەلکێندرێت .

**پێنجەم :** دەست بەسەرداگرتنی ئەو ئۆتۆمبێلە حکومیانەی کە دوای دەوام بێ باج بەکاردەهێنرێن لە گۆرەپانی بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ / بەشی یاسایی ئەو بەرێوەبەرایەتیانە هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی سکالا دژی شوفێری ئۆتۆمبێلەکە .

**شەشەم :** ئۆتۆمبێلەکانی فریاگوزاری ( پۆلیس ، هاتووچۆ ، ئەمبولانس ، ئەوانەی ئامێری ئاگادارکردنەوەی لەسەربەستراوە ) ناگرێتەوە .

**حەفتەم :** بەکارهێنانی ژمارەی دەرەوەی هەرێم بۆ ئۆتۆمبێلە حکومیەکان قەدەغەیە و دەستی بەسەر دادەگیرێ و رێوشوێنی یاسایی لەگەڵ دەکرێت .

**هەشتەم :** دوای کاتژمێر(٥)ی ئێوارە هەر ئۆتۆمبیلێکی میری بەبێ باج لە شەقامەکاندا بسوورێتەوە دەستی بەسەر دادەگیرێ و رێوشوێنی یاسایی لەبەرامبەریدا لەگەڵ دەکرێت .

**ماددەی چوارەم :**

لەسەر هەموو بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی سنوری پارێزگاکان و ئیدارەکان ئەم رێنماییە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم :**

کار بەهیچ رێنماییەکی تر ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە .

**ماددەی شەشەم :**

ئەم رێنماییە کاری پێدەکرێت لەرۆژی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**